# کۆلۆنیالیزم و زمان

## ١٩١٨- ١٩٢٢

پ. ی. د. سەلام ناوخۆش بەکر
بەشی ئینگلیزی- کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی- زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر- هەرێمی کوردستان- عیراق.

### پوختە:

جەنگی یەکەمی ١٩١٤ -١٩١٨ دەرفەتێکی بۆ دەرکەوتنی ئەلفوبێی عەرەبی بە کوردیکراو دروستکرد، بە جۆرێك پیتی وەك ( پ، ژ، ڤ ) لە هەردوو ڕۆژنامەی( تێگەیشتنی ڕاستی) و (پێشکەوتن) دەرکەوتن هەروەها لەبریتی سەر و بۆر و ژێر بیر لە دانانی فۆنیمی (ە، و، ی) کرایەوە. وێڕای ئەو دوو چاکەیەی داگیرکاری بەریتانی لە باشووری کوردستاندا، کۆمەڵە وشەیەکی ئینگلیزی بۆ یەکەمجار هاتنە ناو کەلتووری ڕۆناکبیری کوردی لەوانە وشەی کۆلۆنیالیزم نەك کۆلۆنی، ماندەیتی بەریتانی لە سەر عێراق و بیرۆکەی فەرمانڕەوایی ناڕاستەوخۆی ئینگلیز لە کوردستان هەروەها دەرکەوتنی وشەی ئۆتۆنۆمی سەربەخۆیی. وشەکانی وەك:

Colonialism, mandate, autonomy, referendum, media, post, post, bomb, bombardment

دوای جەنگ زۆر وشەی نوێ هاتنە ناو فەرهەنگی کوردی ، پێش داگیرکردن ڕۆناکبیری کورد بەرانبەر ئەو وشانە نامۆ بوو.

لەم توێژینەوەدا میتۆدی کوالیتیتیڤ بەکاردەهێنین. ئاوتلاینی توێژینەوەکە بریتییە لە شرۆڤەکردنی هەردوو ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی و پێشکەوتن بۆ دۆزینەوەی بەکارهێنانی پیتەکانی کوردی، ئەوەی لە ئەلفوبێی عەرەبی نین هەروەها دۆزینەوەی بەکارهێنانی ئەو وشانەی سەرەوە و هی تر لە ڕاگەیاندنی کوردیدا.

خوێنەری ئەم توێژینەوەیە چاوەڕێ دەکەن کە چەندان ئەنجامی نوێ بە دەستبێن لەوانە هەندێ وشەی نوێ لە سەردەمی داگیرکردندا.

***وشە سەرەکیەکان:*** *کۆلۆنیالیزم، ئینگلیز، کوردستان، تێگەیشتنی ڕاستی، سون.*



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## بەشی یەكەم:

## دەروازە:

پرسیكۆلۆنیالیزم كۆنە، بەڵام قسەكردن لە سەری دوو گرینگی هەیە، یەكەم: جگە لە پەند وەرگرتن، دەرفەتێكە شتی باشیشی تێدایە چ لە بواری سیاسی یا مۆرفۆلۆژی. بەریتانیا كاتی خۆی بە مانای كۆلۆنیالی كوردستانی عوسمانی داگیرنەكرد، بەڵكو وەك بەشێك لە میراتی عوسمانی داگیری كرد، ئەگەرنا كۆلۆنیالیزمی عەسكەریی ماوەیەكە كۆتایی پێدێت. دووەم: لە سەردەمی كۆلۆنیالیزم دا زمانی كوردی (دایەلێكتی ناوەند) دەرگای لە سەر كرایەوە هەتا هاتە ناو پەروەردەش، كەچی لە ژێر سایەی كەمالیزمدا بە زەبری دەستوور و داپلۆسین لە بازاڕیش قەدەغە كرا.

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە دایەلێكتی ناوەند لە ژێر سایەی كۆلۆنیالیزمدا. ڕەوشەكە خاڵی نێگەتیف و پۆزەتیفی لە خۆ گرتووە.

### ئارێشەی توێژینەوە:

ناونیشانی توێژینەوە بەشێك لە ئارێشەی توێژینەوە پێكدێنێت. دووانەی كۆلۆنیالیزم و زمان وا چاوەڕێ دەكرێ لێكەوتەی پۆزەتیفی نابێ، هەردوو ڕۆژنامەی كۆلۆنیالیستی بەریتانی " تێگەیشتنی ڕاستی " لە بەغدا و " پێشكەوتن " لە سلێمانی هەڵگری كەلتووری كۆلۆنیالیزم و گوزارشت لە چەمكی زاڵبوون بە سەر ڕۆژهەلاتی ناوین، لەوانە باشووری كوردستان دەكەن.

وا باوە لە نێو ڕۆژنامەگەری كوردیدا، كە مێجەر سۆن، خاوەنی هەردوو ڕۆژنامەكە گوازەرەوەی زۆربەی پیتە كوردیەكانی دەرەوەی ئەلفبێی عەرەبییە، ئەم پرسەش لە توێژینەوەكەدا تاوتوێ دەكەین.

### ئامانجی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەڵگری چەند ئامانجێك-ە لەوانە:

١. پیشاندانی كاریگەری كۆلۆنیالیزمی بەریتانی لە سەر بەرەو پێشبردن و وەرگرتنی وشەی ئینگلیزی بە فۆرمی خۆی.
٢. دەرخستنی كاریگەری كۆلۆنیالیزمی بەریتانی لە سەر پەروەردەی كوردی. پرسیاری توێژینەوە

١. دەبێ پیتە کوردیەکانی دەرەوەی ئەلفبێی عەرەبی داهێنانی کارەکتەری کۆلۆنیالیزم بێ؟

٢. زمان نییە بەدەر بی لە هەژمونی وەرگرتن لە زمانی تر، ئەو وشە ئینگلیزیانەی ناو زمانی کوردی، زمانی کوردیان بەرەو پێشتر بردووە؟

٣. ئایا کۆلۆنیالیزم بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسییە یا بە پێچەوانەوە؟

## گرینگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوە لە یەکبەستنەوەی مێژوو و زمانە، کۆلۆنیالیزم کاریگەری بە سەر هەردووک وەیە، کەواتە توێژەرانی هەردوو بەشی مێژوو و زمان سوود لەم توێژینەوە دەبینن.

میتۆد و سیستەمی ژێدەر وەرگرتنی توێژینەوە

وەك میتۆد میتۆدی کوالیتەتیف پەیڕەو کراوە، کە داتا لە کتێب وەردەگرێت و شرۆڤەیان دەکات هەروەها ئەو داتایانە لە سەر سیستەمی هارڤارد ڕێکخراون.

## پرۆسیجەری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە چوار بەش پێکهاتووە هەموو لەگەڵ یەك وەك زنجیرەیەك وان، هەموو نەك هەر بە یەك بەستراون، بەڵکو تەواوکەری یەکتریشن.

## چوارچێوەبەندی توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکە تەنها ماوەی نێوان ١٩١٨ ـ١٩٢٢ دەگرێتەوە.

# بەشی دووەم: ڕەوشی زمان لە سایەی کۆلۆنیالیزمدا

پرسگری زاراوەی " کۆلۆنیالیزم " سەرەتا لە نێو نەتەوە داگیرکراوەکان لە " خاك داگیرکردن " کورت کرابۆیەوە Ancient civilizations were the first to begin colonizing other lands&people.، بەڵام لە توێژینەوە نوێیەکاندا قسە لە سەر شتە شاراوەکانی هەناوی کۆلۆنیالیزم دەکرێت. تەواو دەرك بە ماهیەتی کۆلۆنیالیزم ناکەین هەتا ئاماژە بە هەر چوار قۆناغی کۆلۆنیالیزم و جۆرەکانی کۆلۆنیالیزم وەك کۆلۆنیالیزمی نوێ و مێتاکۆلۆنیالیزم نەکەین.

## چەمکی کۆلۆنیالیزم(١)

پێناسەی کۆلۆنیالیزم بە پێی هەردوو کامپی کاپیتالیزم و مارکسیزم لە لایەك و مێژووی دوای کۆلۆنیالیزم لە لایەکی تر لە یەك جودان.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

لۆمبا ٢٠١٨، ل٢٠ باوەڕی وایە لە سەردەمانی کۆندا کۆلۆنیالیزم بریتی بوو لە " زەوتکردنی خاکی کەسانیتر و دەستگرتن بە سەر سامانەکەیاندا.." لە لایەکی تر، ئینگلیز هەتا کۆنسێپتی/ بیرۆکەی یا ڕەگەکانی کۆلۆنیالیزمی لە نێو یەکەم ڕۆمانی خۆی بەرجەستە کرد. ڕۆمانی( ڕۆبینسن کروسۆ) لە نوسینی (دانیال دیفۆ١٦٦٠-١٧٣١ ) کە ڕۆبینسن، کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە، دەکەوێتە دوورگەیەکی چۆڵەوانی لە کۆمەڵگا، ڕۆبینسن خۆی هەر تەنیا بە خاوەنی دوورگەکە نازانێت، بەڵکو وێنای کەسانی دانیشتووی دوورگەکە بە " مرۆڤخۆر "، دوور لە شارستانی، بێئاگا لە ئایین، بێ ناو..دەکات "

ئانیا لومبا ٢٠٠٥، ل٦٦ چاپی ئینگلیزی باوەڕی وایە ئەو وێناکردنە جەوهەری کۆلۆنیالیزم پێکدێنێت بەوەی وشەی مرۆڤخۆر هەر دیاردەیەکی سروشتی پێکنایەنێتن، بەڵکو شکاندنی خاوەن ئەسڵی لێدەکەوێتەوە، وەك دەنووسێت: "

کانیبالیزم تەنها خواردنی گۆشتی هاوڕەگەز –هاوشێوەکەت نیە، هەروەها تەنها هاوواتای زاراوەی کۆنتری ئەنسرۆپۆپاگی نیە. پرۆپاگی ئاماژە بەو هۆڤانیانە دەکات کە گۆشتی هاوشێوەکانیان دەخۆن، هەرچی وشەی کانیبیلیزم-ە وێنای هەڕەشەیەك دەکات کە لەوانەیە ئەو هەمەجیانە لە ئەوروپیەکان هەڵگەڕێنەوە و لوشیان بکەن."

ڕۆژهەلاتناسی بەرهەمی کۆلۆنیالیزم-ە. لە نێو کۆلۆنیالیزم چەند چەمکێك لە خۆ دەگرێت، لەوانە " بە شتکردن، خورتنشین/ خورتنشینگە/، دۆمینێیشن = قەڵەمڕەوی، هەروەها تواندنەوە.

ئینگلیز وەك کۆلۆنیالیستێك لە قالبی ڕۆژهەلاتناسی چەندە هەمەجیانە تەماشای ئێمەی کورد دەکەن، کورد لە کن وان بۆتە کەرەستە و شت، ماتریال، نەك وەك مرۆ و کولتوور سەیری کوردیان نەکردووە (سەعید ٢٠١٨، ل١٢)

## قۆناغەکانی کۆلۆنیالیزم:

لە شوێنە جیاوازەکاندا فۆرمی کۆلۆنیالیزم بوونی هەیە. لە ل٢ ی کتێبی " 500+Years of Indigenous Resistance کۆلۆنیالیزم لە چوار قۆناغ کورتکراوەتەوە، کە بریتین لە Recon هێزی بە دوا گەڕان invasion , ململانێی چەکداریی و تالان کۆکردنەوە , occupation داگیرکردن and assimilation تاواندنەوە بە قسەی چۆمسکی ١٩٩٣، ل ٢٠ گەشتەکەی کۆلۆمبس یەکەم فۆرمی کۆلۆنیالیزم بوو، وەك دەنووسێت:

"کۆلۆنیالیزم لەگەڵ هێزی گەڕان دەستی پێکرد بۆ دۆزینەوەی زەوی و ناوچەی نوێ، ئەمڕۆ ئەو کۆلۆنیالیزمە ناوی تری هەڵگرتووە وەك گەشتی دەریایی بۆ دۆزینەوەی زانستی.."

دوو قۆناغی بەرایی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمە نییە، بەڵام هەردوو قۆناغی داگیرکردن و تواندنەوە لە بوتقەی ئەویتر بەشێك لە مێژووی ئینگلیز لە باشوور پێکدێنێت.

زیگزاگ ١٩٩٠ و چۆمسکی ١٩٩٣ و وایت ٢٠١٤ جەخت لە سەر ئەوە دەکەنەوە کە ئەگەر کۆلۆنیالیزم هەبوو لە ماوەیەکی تر، نزیك یا دوور، ( دیکۆلۆنیالیزم) دروست دەبێت، بە واتای نەهێشتنی یا هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیزم وەك زیگزاگ ١٩٩٠، ل١٣ دەنووسێت:

Decolonization is the ending of colonialism and
the liberation of the colonized.. Decolonization, then, is a *revolutionary struggle aimed at transforming the entire social system* and reestablishing
the sovereignty oftribal peoples

(دی کۆلۆنیالیزم- هەڵوەشاندنەوەی کۆلۆنیالیزم) بریتییە لە کۆتاییهێنانی کۆلۆنیالیزم و ڕزگارکردنی هەرێمی کۆلۆنیاکراو، کەواتە دی کۆلۆنیالیزم خەباتێکی شۆڕشگێریە ئامانجی گواستنەوەی تەواوی سیستەمی کۆمەڵایەتییە هەروەها دامەزراندنەوەی سەروەری گەلانی شێوە عەشایەرییە."

وەك گوتمان چونکە کوردستانی عوسمانلی بەشێك بوو لە دەوڵەتی عوسمانی کەواتە وەك ماتریالێك دابەشکرا نەك وەك دەوڵەتێك. بێشکچی ٢٠٠٢، ل٢٥ لەم بارەیەوە دەنووسێت:

لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم واتە دوای داڕوخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کۆلۆنیستەکان دەوڵەتی کۆلۆنی وەك عێراق و سوریا و ئەردەن و لوبنانیان دروست کرد، بەڵام دەوڵەتێکیان لە کوردستان دروست نەکرد واتە کۆلۆنییەکی بریتانی لە کوردستان نەبو بۆیە کوردستان نەبووە کۆلۆنی، بەڵکو لە جیاتی ئەوە نەتەوەی کورد و هەرچی شتێك پەیوەندی بە کورد و کوردستانەوە هەبو دابەشکرا بۆ ئەوەی زمان و مێژوی کورد لە نێو زمان و مێژوی ئەوانی دی لەناو بچێت."

کەواتە کۆلۆنی نەبوونی کوردستان وەیکرد کۆلۆنیستەکان نیوکۆلۆنیالیزم بەرهەم بێنن چارەنووسی بدەن کۆلۆنیاکراوی ناوەکی وەك عەرەب لە عێراقدا، ئەویش لە کورد بووە قیڕ و بنیشت ئەوە نزیکەی سەدەیەکە لێی نەبۆتەوە، بەڵام گەر باشووری کوردستان بکرایە کۆلۆنی ئەوە لەمێژ بوو ئینگلیز دەستی لێهەڵگرتبوو.

## کۆلۆنیالیزم و کورد و زمانی کوردی:

پرسی زمان پرسێکی گرینگە، ئەوەتە وایت ٢٠١٤ دەنووسێت:"

That language was one of the most decisive tools instrumental

زمان ئامرازێکی تەواو یەکلاکەرەیەوە ناکرێت فەرامۆش بکرێت. زمانی کۆلۆنیالیست ناوەندێکی ڕۆشنفکری و بە پیتە بۆ چاندنی کەلتووری داگیرکاری. هەر لەم بارەیەوە نگوگی دەنووسێت:"



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

In a general statement, Ngũgĩ points out that language and culture are inseparable, and that therefore the loss of the former results in the loss of the latter:

زمان و کەلتوور پێکەوە گرێدراون، لە دەستدانی زمان دەبێتە هۆی لە دەستدانی کەلتوور."

کۆلۆنیالیزم هەر داگیرکردنی خاکی لێناکەوێتەوە، بەڵکو لێکەوتەکانی خەتەرناکترن وەك کۆلۆنیالیزمی ئایدیۆلۆژی یا ن سەپاندنی  ئەلفبێ و خەت ( لە بەشی دادێت ئەم پرسە بە درێژی تاوتوێ دەکەین ).

بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیا بەناوی هزری ئازاد بۆ لێدانی ئایینی نەتەوەی داگیرکراو لە لای کۆلۆنیالیست ئاسان نییە، بۆیە لە ڕێگای دروستکردنی منەوەر لە نێو نەتەوەدا کارێکی بە بەرهەم دەبیت بۆ بڵاوکردنەوەی کۆلۆنیالیزم لە نێو نەتەوەدا . ناوخۆش ٢٠١٥، ل٥٥   ئاماژە بە هەبوونی چەند منەوەرێك لە سلێمانی دەکات کە نەیاری شێخ مەحمود بوون وەك شێخ سەلام، فائیق بێکەس، ئەحمەد موختار بەگی جاف، جمیل صائیب، حەمدی صاحێب قران...جگە لەوانە وەك تاڵەبانی ٢٠١١، ل٨٥  دەنووسێت: "  لە نێو کوردەکاندا چەند ڕەگەزێك بەدەرکەوتن شۆرشی ئۆکتۆبەر و حکومەتی سۆڤیەتیان بڵاودەکردەوە، کە بە بەلشەفی ناسران ئەوەش بێ ئەوەی لە ڕاستیدا بەلشەفی بن و لە مارکسیزم و لینیزم و بیروبۆچونی کۆمۆنیستی تێبگەن، لەوانە جەمال عیرفان   " بەمجۆرە لە ڕێگای ئەو دوو منەوەرە، ئینگلیز دۆست و بەلشەفی، سلێمانی بووە  ناوەندی ململانێی هزریی هەردوو کامپی سەرمایەداری و کۆمۆنیستیی لە فۆڕمی " ئینگلیزدۆستی " و "سۆڤیەت دۆستی "، هەر تاڵەبانی لە هەمان لاپەڕەدا دەنووسێت: پاش ئەوەی مێجەر (سۆن) بووە  حاکمی سلێمانی لە شوباتی ١٩٢٠ دا وتی:" بەلشەفی لە سلێمانی پەیدابوونە، دەبێ چارەسەر بکرێن."  وێرای ئەو دوو بەرە خاوەن هزر و قەڵەم بە دەستە لە هەڵەبجە سەرکردەی چەك بە دەست دروست بوون کە هەتا سەر ئێسك دژە شێخ بوون، وەك هاوار ١٩٩٠  و ناهیدە  ١٩٩٨  دەنووسن: ئینگلیز لە نێو کورددا کەسانی وەك (عادیلە خانمی هەڵەبجەیی) دروست کردبوو کە دژی شێخ مەحمود بوو، بەرانبەر ئەو دژایەتیە وەك ئێدمۆنز لە لە ل٨١ی چاپی کوردی  کتێبی کورد تورك عەرەب دەنووسێت:" شاژنی تاج لە سەر نەنراوی تەختی شارەزوور بوو، دواتر بە چاکەی خزمەتەکانی لە لایەن جێگری فەرمانڕەوای هیندستانەوە پلەی بەرزی خان بەهادری پێ بەخشرا."

کۆلۆنیالیزم جگە لە منەوەری کورد، دۆزەکەشی بەستەوە بە کۆلۆنیالیزمی لۆکالی، ئەو دوو بەرهەمەی کۆلۆنیالیزم بوونە پەتایەك پاش نزیکەی سەدەیەك لە کۆڵ کورد نەبوونەوە، کورد وەك شەناوی دەنووسێت: بوونەتە یتامی المسلمین...کۆلۆنیالیزم هەر دەڕوات، بەڵام ئەو دووە هەر دەمێننەوە.ئەو فۆرمەی پشت کۆلۆنیالیزم، نیوکۆلۆنیالیزم-ە کە خەتەرەکەی لە کۆلۆنیالیزم زیاترە لە ل١٧ ی کتێبی
500 + Years of indigenous Resistance
دەربارەی نیوکۆلۆنیالیزم هاتووە: "



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

It involves the use of state funded native government to indirectly control the indigenous people….and also involves the use of natives to control their own people…so the change from colonialism to neocolonialism is a change only in how the state controls the colonized people.

## بەشی سێیەم: بەرهەمی کۆلۆنیالیزم لە باشووری کوردستان

لە سەردەمانێکدا زۆربەی ڕۆناکبیری کورد لە سەدەی هەژدە و نۆزدە لە چاو زمانی عەرەبی و فارسی و عوسمانی شەرمی دەکرد تێکستی خۆی بە کوردی بنووسێت، بەڵام هەوڵی ئەحمەدی خانی و جزیری و نالی...هتد ئەو شەرمەیان شکاند و ماڵباتی بدرخانیش وشەی کوردیان- کرمانجی سەروو- بردە سەر کاغەزی چاپەمەنی. ئەو هەوڵە بەراییە زۆربە هەوڵی ڕۆناکبیری کوردی بوو، بەڵام ئەوەی لە باشووری کوردستاندا ڕویدا سەرەتا هەوڵی (نا--کوردی) بوو. وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێکرد، زمان لای دامودەزگای کۆلۆنیالیزم پێگەیەکی گەورەی هەیە، (مێجەر) سۆن بە هاریکاری (شوکری فەزلی شاعیر) توانی لە ماوەی ١٩١٨-١٩٢٠ زمانی کوردی(- دایەلێکتی ناوەند-) لە باشوور بکاتە زمانی میدیا.

ئەو هەوڵەی سۆن هەوڵێکی ڕۆژهەڵاتناسی بوو، لە قاڵبی کوردناسی. ئەو هەوڵەی سۆن بۆ بەرزەڤتکردنی کورد بوو، عومەر ٢٠١٨، ل٧ دەنووسێت:" ڕۆژهەڵاتناسی وەك دامەزراوەیەك بۆتە کەرەستە و ماتریالی حکومەت و دەستەڵاتی ڕۆژئاوایی بۆ کۆنترۆڵکردن و بۆ بەڕێوەبردن.." پێش هەنگاونانی ئینگلیز وەك کۆلۆنیالیستێك بۆ دەڤەری سلێمانی و بادینان ڕۆژنامەیەکی بە ناوی( تێگەیشتنی ڕاستی) لە بەغدا دەرکرد، یەکەمین ژمارەی لە ١\ ١ \ ١٩١٨ دوا ژمارەشی لە ٢٧\ ١\ ١٩١٩ هەموو بە سەر یەکەوە ٦٧ ژمارەی لێ دەرچووە، بەڵام ساڵح و ساڵح ٢٠٠٧، ل٨ هەمان مێژوو دەنووسن، بەڵام ئاماژە بە ٦٥ ژمارە دەکەن. لە نێو ڕۆشنبیران کورد وا باوە، کە

." مێجەرسۆن ١٨١٨-١٩٢٣ داهێنەری بەشێك لەو پیتانەی کوردیە، کە لە زمانی عەرەبی نیین، هەر لەو بارەیەوە ساڵح و ساڵح ٢٠٠٧، ل-١-٢ ژمارە یەکی نموونە بۆ پیتە کوردییەکان دەهێننەوە و دەنووسن: " ڕۆژنامەکە، ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی، پیتی ژ، چ، دەهێننەوە:

- ژمارده -١- لە حالی نزعی کیرانەوە دوبارە ژیانەوە: ژنانی بی کس
- چ: هرچی عملی...
- پ بە روحیکی پاك ... " پیشو، پاسەوانی

لە ژمارده ٦٥ دەرچوو لە ٢٧\ ١ \ ١٩١٩ زۆربەی ئەو پیتانە بەکارهاتوون وەك



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- چند کسی لوان... هرچی ترک ،،، پارەی حکومت ...لە اوروپادا سرسری بن...ئەوەی ڕاستی بێت پێش خەلیل خەیالیش لە باکووری کوردستان نموونەی نیگاری ئەو پیتانە لە زمانی فارسی و تورکی هەبوون وەك مەقدیسی ٢٠١١، ل١٦ دەنووسێت لە زمانی کوردیدا پێنج پیت هەن لە زمانی عەرەبی نین ئەویش (پ، چ، ژ، ڤ، گ) کوردەکان سێ خاڵ لە نووسین لە سەر ئەو پیتانە دادەنێن بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوشێوەی خۆیان، یانی (ب، ج، ز، ف، ك) تێکەڵیان نەکەن چۆن لە فارسی و تورکیش بەکاردێن."

هەروەها ئەو دەنگۆیەی دەڵێت: (مستەفا پاشای یاملکی) نەك (سۆن) نیگاری (ە) و (ێ) داهێناوە، دوورە لە ڕاستیەوە، چونکە پێش سۆن مستەفا پاشا هیچ نووسینێکی بڵاوکراوەی لە سلێمانی نەبوو.

- خودی مێجەر سۆن فارسی زان بوو دەیزانی نیگاری ئەو پیتانە لە زمانی فارسی هەن، بەڵام پیتی ( گ ) هەر بە ( ك ) دەنوسرا، وەك ناوی ڕۆژنامەکە: تی کەیشتن راستی، دستکیر کراویکی: انقلاب کیران، لشکرکیری عام عراق."

هەوڵی دووەمی مێجەر سۆن، دەرکردنی سەرچاوە ڕۆژنامەی " پیشکوتن " بوو.

دوای ئەوەی ئینگلیز لە حوزەیرانی ١٩١٩ حوکمداریەکەی شێخ مەحموودی ڕوخاند بە خۆی خەریکی حوکمی ڕاستەخۆی سلێمانی بوو. مێجەرسۆن بووە حاکمی موتڵەقی سلێمانی، ئەزموونی تێگەیشتنی ڕاستی گواستەوە سلێمانی ڕۆژنامەی پیشکوتن-ی پێدەرکرد. ڕۆژنامەی پیشکەوتن، کە یەکەمین ژمارەی لە ڕۆژی ٢٩ی نیسانی ١٩٢٠ دەرچوو، دوا ژمارەی ١١٨ لە ڕۆژی ٢٧ی تەمووزی ١٩٢٢ دەرچوو، ئەو ڕۆژنامەیە یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بوو لە باشووری کوردستان. لەو ڕۆژنامەیە چەند پیتێکی ئەلفبێی عەرەبی بە کوردی بەرچاو دەکەون، بۆ نموونە لە ژمارە (١) دا ئەو پیتە کوردیانە بەرچاو دەکەون، وەك پ و چ و گ و ژ لە وشەی چاپ، پێشو، چاککردنی، گرتن،، ڕۆژپێنجشمە هچکس بو چاکی و باشی ولات شتیکی چاکی بە بیردا بیت بینوسیت و بینیریت بە باشی زانرا چاپ دەکریت." وشەکان هەموو کوردین، بەڵام لەو دەقانە دەردەکەوێت تەنیا پیتی پ و چ زیادکراون بۆ ئەلفوبێی عەرەبی.

لە پرسی " داهێنان یا دۆزینەوە" پیتە کوردییەکان لە میدیا کوردی زۆربە ئاماژە بە سۆن دەکەن، بەڵام ئایا ڕاستە ئەو پیتانە دەرهاوێشتەی بیرکردنەوەی سۆن یان کەسی پێش ئەون وەك ئیبن ئادەم باڵەکی و سورخی و کاکە ئەحمەدی شێخ؟؟

## سۆن خۆی لە کتێبی:

To Mesopotamia and Kurdistan in disguise

باس لەوە دەکات چۆن بە ناوی میرزا غولام هاتۆتە ئێران و کوردستان. گەردی ١٩٨٧، ل٢٨ لەم بارەیەوە دەنووسێت:" سۆن کابرایەکی سیاسی و کەمۆی ئینگلیز بوو، پێش



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

شەڕی یەکەمی جیهان بە ئیش هاتۆتە ڕۆژهەڵات، چووە ئێران و فێری فارسی و کوردیەکی باش بوو."

لە ئەلفبێی فارسیدا ئەو پیتانەی کوردی هەن وەك یوسف مەقدیسی لە ل١٦ی فەرهەنگەکەی دەنووسێت: لە زمانی کوردیدا پێنج پیت هەن لە زمانی عەرەبی نین ئەویش (پ، چ، ژ، ڤ، گ) کوردەکان سێ خاڵ لە نووسین لە سەر ئەو پیتانە دادەنێن بۆ ئەوەی لەگەڵ هاوشێوەی خۆیان، یانی (ب، ج، ز، ف، ك) تێکەڵیان نەکەن چۆن لە فارسی و تورکیش بەکاردێن."

وێڕای ئەوەش بۆ ساخکردنەوەی ئەم پرسە چەند کتێبێکی فارسیم دۆزیەوە، کە هەموو پیتەکانیان تێدایە (ئەو پیتانەی کوردیش کە لە عەرەبی نیین)، لەوانە

کتێبی(فرشته سیاه) نووسینی روی مایرز و تجمه اقتباس سید حسین هاشمی لە چاپخانە پاکت چی، ساڵی چاپی لە سەر نەنووسراوە، بەڵام ئەم پیتانە وەك ئەوەی کوردی هەن، بۆ نموونە لە ل١٦ هاتووە: " دیگر کو چکترین توجهی...بر اتهام من گرچه خود..اشکار گردید و گفت..." هەروەها لە ل٤٠ هاتووە:" چشمان پیر از شدت.. ".لە ل٤١ دا هاتووە:" پدر فریاد بر اورد..."

کتێبی(جان نمای) نووسینی اقای شیخ محمد مردوخ لە ساڵی ١٣٢١ بێ نووسینی ساڵی خورشیدی یا شەمسی لە چاپ خودکار ایران

هەر لە سەرەتاوە پیتی پ ـی بەکارهیناوە، وەك:" پیش در امد هەر لەو لاپەڕە دەنووسی:" پدرم هیگفت...چراغ را بافوت خاموش کردەاند

لە ل٧ شدا دەنووسێت:" پس از فراغت از علم...لە ل٨ دا:" زمین یك چراگاه

کتێبی( چهارمقاله) لە نووسینی احمد سمرقندی لە ساڵی ١٣٢٧ قەمەری برانبەر ١٩١٠ چاپکراوە لە ل١ نووسراوە:" حمد و شکر و سپاس مر ان پادشاهی...لە ل٤ دا هاتووە "بنده مخلص و خادم...کە چهل و پنج سال است.." لە ل٦دا "...منعکس گشت لە ل٧دا "..انچه منافر اوست بگریزد..."

لە کتێبی(عطار پندنامه فرهدالدین) چاپکراو لە ١٣١٢ هجری لە ل٣ هاتووە:" چهل سال عمر غریزت گذشت لە ل٤دا هاتووە:" اگر چرخ گروو..گنج قارون...پر، پند، چرا..پر غرور.."

لە کتێبی(شهریاران گمنام)، چاپی یەکەم لە چاپخانەی مدرن لە طهران ١٣٠٧ چاپکراوە، لە ل د هاتووە:" ایرانیان باستان گویا تاریخ را تنها سرگذشت و داستان پادشاهان...لە ل٣٦دا هاتووە:" مهدی پسر...، پایان، دیگر اگاهی، لە ل٣٨دا هاتووە:" گفتار دومین.

هەروەها لە کتێبی(پرتوی از فلسفهء ایران باستان) لە نوسینی دینشاە ایرانی سلیسیتر، چاپ دوم، ١٣٣٤، تهران –در چاپخانە راستی، لە ل٢دا هاتووە:" اگر، گاتهای زرتشت..لە ل٣ هاتووە:" زندگانی، پدر، پرورش هەروەها لە ل١١٩ هاتووە:"هیچ، پروانەهای، گل، پرواز، سرچشمەء، بارگاە.. " (وەرگیراو لە ناوخۆش ٢٠١٩ ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٢٦٠)

کەواتە سۆن تەنها پیتەکانی لە فارسی گواستۆتەوە کوردی، ئەو کردارە سۆن وەك ڕۆژهەڵتناسێك کردوویەتی، توێژەرێکی کورد نەیکردووە.

وێڕای ئەمەش ڕۆژنامەی پێشکەوتن  لە سلێمانی دەردەچوو، بەڵام پێشگری فرمانی ڕانەبردوو (دە) لە جیاتی (ئە)ی سەرزاری خەڵکی ناوەوەی سلێمانی، بەکارهیناوە، بۆ نموونە وتاری خوین گرتن بی فەرە: هەندی کەس کە بەهار هات دەلین خوین جمانە ( سامی ١٩٩٨، ل٧ ). ئەو گۆڕانکاریە ئەلفبێییە نیوەچلی بوو، چونکە خەزنەدار ٢٠٠٨، ل١٥ دەڵێت:" کە دیوانی مەحوی کە لە ساڵی ١٩٢٢ لە سلێمانی چاپکرا، بە ئەلفبێی عەرەبی بڵاوکرایەوە."

لە سەردەمی سۆن دوو ڕۆژنامە بە کوردی (دایەلێکتی ناوەند) دەرچوون هەروەها لە سەردەمی شێخ مەحمود چەند ڕۆژنامەیەك دەرچوون، زۆرێك لە توێژەرانی ئینگلیز دۆست و نەیار بە شێخ مەحمود بەراوردێکی سەیر لە نێوان ئەو دوو ماوەیە دەکەن.

کاکل و بحری ٢٠١٨، ل٢٧-٢٨ دەنووسن:" ئەگەر  بەراورد لە نێوان زمانی ڕۆژنامەگەری ژێر دەستی ئینگلیز و سەردەمی شێخ مەحموود بکرێ ئەوا ڕۆژنامەکانی سەردەمی ئینگلیز زمانی نووسینیان بە گشتی ساکار و ڕەوانە،...بە پێچەوانەوە ڕۆژنامەکانی ڕۆژگاری شێخ مەحمود زمانێکی کوردی تێکەڵ بە وشە و دەربڕینی عەرەبی و تورکی و عوسمانی، ئەوەش لەبەر کاریگەری ئاین و ڕەتکردنەوەی سیاسەتی ئینگلیز بوو." لێرەدا بۆمان هەیە بپرسین بۆ؟؟ سامی و عەتار ١٩٩٨، ل٨-١١ وەڵامی ئەو ڕایە دەدەنەوە بەوەی لە ڕۆژنامەی پیشکوتن بێجگە لە مێجەرسۆن ئەوەندە شاعیر و نوسەرەی کورد نووسینیان لە پیشکوتن بڵاوکردۆتەوە:

شێخ نوری شاعیر، زیوەر، بێخود، علی کمال، حەمدی، ئەحمەد مختار بەگی جاف، جەمال عیرفان... جگە لەو نووسەرانەی بە ڕەمز و هێما بڵاوکردۆتەوە." کەچی هەریەك  لە ساڵح ٢٠٠٣، ل٧ ئەمین ٢٠٠٦، ل١٤٢ بە جیا ئاماژە بەم کۆمەڵە نووسەرەی سەرەوە بێجگە لە سۆن و چەند ناوێك دەکەن، کە تەنیا لە ڕۆژنامەی ڕۆژ کوردستان و ئومێدی ئیستقلال نووسینیان بڵاوکردۆتەوە، وەك  ئەحمەد خواجە، فایەق زێوەر، ئەحمەد فەوزی، ڕەشید زەکی، عادیل ئەفەندی،نوری بابەعەلی،عیزەت نەجیب، حسێن نازم، عەزیز قەزاز، شێخ نوری و ڕەفیق



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

حیلمی و علی کمال و زێوەر و بێخود، حەمدی، ئەحمەد مختار، زەکی صائیب...هتد کەواتە چۆن پەتیگەری زمان لە پیشکوتن زیاتر بووە لە ڕۆژنامەکانی سەردەمی شێخ؟

## بەشی چوارەم: وشەسازی ناو کۆلۆنیالیزم

کۆلۆنیالیزم دەیەوێ ئایدیۆلۆژیا و شارستانیبوونی خۆی و هۆڤانیبوونی نەتەوەی خاك داگیرکراو لە گوتاری خۆی بەرجەستە بکات. ناوەندی پەروەردە و خودی زمان دوو ناوەندی زۆر ئەکتیڤن.

### پەروەردەی کوردی لە ژێر سێبەری کۆلۆنیالیزم

لە دەوڵەتی عوسمانیدا زمانی عوسمانی لە ئیدارەی دەوڵەت لە سەروەوەی زمانی عەرەبیش بوو. زمانی عوسمانی زمانی نەتەوەیەك نەبوو، بەڵکو لینگوا فرانکایەك بوو بۆ نەتەوە ئاسیاییەکان. عوسمان ٢٠١٧، ل١٧٧ لە پێناسەکردنی زمانی عوسمانی دەنووسێت: " زمانی عوسمانی زیاتر تیکەڵەیەکە لەزمانی فارسی و کوردی و عەرەبی و تورکی، وە لەیاسای ڕێزمانییەکەشیدا سودی لە ڕێزمانی ئەو زمانانە وەرگرتوە. "

دکتۆر مەزهەر ١٩٨٣، ل٢٦-٢٧ ڕەوشی هەبوونی قوتابخانە لە دەوڵەتی عوسمانی زۆر باشتر بوو بە بەراورد بە سەردەمی کۆلۆنیالیزم، وەك دەنووسێت: " هەموو ئەو پارەیەی ئینگلیزەکان ساڵی ١٩١٩-١٩٢٠ بۆ کاروباری خوێندنیان دانا بریتی بوو لە ٧٠ هەزار لیرەی عوسمانی، واتە دوو هێندەی ئەو پارەیەش نەدەبوو کە عوسمانییەکان ساڵی ١٩١١-١٩١٢ تەنها بۆ ویلایەتی بەغدایان دانا. لەبەر ئەوە هیچ سەیر نیە ژمارەی قوتابخانەکانی هەموو عیراق هاتە سەر نیوەی ژمارەیان لە ساڵی ١٩١٤ دا "، بۆ نموونە بۆتانی ٢٠٠٢، ل٣٥ دەنووسێت: لە شارێکی وەك موصڵ لە سەردەمی کەوتندا لە ١٩١٨\١١\١٠ شەش قوتابخانەی سەرەتایی کوڕان و سێ قوتابخانەی سەرەتایی کچان و یەك ئامادەیی و یەکی پیشەسازیی و خانەی مامۆستایان هەروەها چەند قوتابخانەیەکی گاوران و جولەکانی لێبوو." هیچ یەکێك لەو قوتابخانانە بە کوردی نەبوون زۆربە بە زمانی عوسمانی بوون. پاش نەهامەتییە -کانی ئیتحاد و تەرەقی ١٩٠٨-١٩١٨ خەڵك چاوەڕێی زۆری لە کۆلۆنیالیزمی بەریتانی دەکرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی ویدرۆ ولسنی سەرۆکی ئەمریکا بڕیارنامە چواردە خاڵیەکەی دەرکرد و لە خاڵی دوازدە وتی: گەلانی غەیرە تورك ئۆتۆنۆمی سەربەخۆییان پێدەدرێت. بە پێچەوانەوە هەر لە ساڵی یەکەمی داگیرکردندا کاپتن پیرسنی بەرپرسی کاروباری مەعاریف لە موصڵ زۆربەی ئەو قوتابخانەی سەرەوەی داخست بە بیانووی ئەوەی ئەو قوتابخانانە قوتابخانەی حیزبین ( مەزهەر ١٩٨٣، ل٢٧ هەروەها بۆتانی ٢٠٠٢، ل٣٥ ) هەولێر لە سەردەمی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

هاتنی ئینگلیز قەزایەك بوو سەر بە لیوای کەرکوك بوو، عەبدولقادر ٢٠١٢، ل٩٢ دەنووسێت: " لە ماوەی دوای جەنگ تەنها دوو قوتابخانەی فەرمی لە قەزای هەولێر هەبوون، کە لە نۆ پۆڵ و دووسەد و بیست قوتابی و سێزدە مامۆستا پێکهاتبوون، بەڵام هیچ قوتابخانەیەکی ناوەندی لە شارەکە نەبوو." لە سەردەمی سۆندا پتر لە ٣ ملوێن ڕوپیەی وەك باج لە سلێمانی کۆکردەوە، مەزهەر ١٩٨٣، ل٢٧ دەنووسێت: " سۆن لەو برە پارەیە تەنها ٦٣ هەزار ڕوپیەی بۆ کاروباری خوێندن تەرخان کرد، واتە نزیکەی لە ٪ ٢ داهاتی ناوچەکە.."

مەزهەر ١٩٨٣، ل٢٧ ئەوها قسە لە سەر ڕەوشی خوێندن لە دوا ساتەکانی سەردەمی عوسمانی لە سلێمانی دەکات: " لە شار دوو قوتابخانەی سەرەتایی و یەکێکی ناوەندی و فێرگەیەکی سەربازی هەبوو."

ئەحمەد خواجە، کە لە سەردەمی شێخدا خەزنەدار –گەنجینەدار بوو، لە ل٧١-٧٢ بەرگی یەکەمی کتێبی ( چیم دی )

باسی هەوڵی کردنەوە قوتابخانە لە سەردەمی مێجەر سۆن ١٩١٩-١٩٢٢ ئەوها دەگێڕێتەوە: بە مضبطە بیانامەی زۆر داوای کردنەوەی قوتابخانەیەکی سەرەتایی و یەکیکی ناوەندی ئەکرا، کە لە سلیمانیدا بکریتەوە. لە دوا کەشماکەشێکی زۆر بە کردنەوەی سەرەتاییەك بۆ خوێندنی انگلیزی و تەنیا دوو سعات لە شەودا دلخۆش کران...بۆ پێشکەشکردنی مضبطەکە بە حاکم سیاسی میجر سون..*.ئەویش داواکەی قەبوڵ نەکرد..! "لە کۆتاییەکانی بوونی لە سلێمانی ئینگلیز بیری لە کردنەوەی قوتابخانە کردەوە، مەزهەر ١٩٨٣، ل ٢٧ دەنووسێت: لە سەرەتادا تەنها قوتابخانەیەکی سەرەتاییان لە سلێمانی کردەوە و لە کۆتایی بیستەکان تەنها ١٠ قوتابی ناوەندی هەبوون، کەچی لە سەردەمی عوسمانی ژمارەی قوتابیان بە سەر یەکەوە ٣٣٠ کەس بوون، واتە ژمارەی قوتابی لە سەردەمی ئینگلیز شازدە جار کەمتر بوو لە ١٩١٤." هەروەها ڕەفیق حیلمی لە ل١٤٠-١٤٩بەرگی سێیەمی یاداشت باسی ڕەوشی خوێندن لە دوای کەوتنی حکمداری شێخ لە کەرکوك دەکات لە ١٩٢١، مامۆستایەك تەنیا لە سەر بڵاوکردنەوەی وتارێك کە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئینگلیز نەگونجاوە، لە وەزیفە دەرکراوە."

کۆڵۆنیالیزمی بەریتانی بۆ بڵاوکردنەوەی زمان و کەلتووری ئینگلیز سلکی پەروەردەی بە باشترین ناوەند زانیوە،

کاپتن فارل، کە لە سەردەمی بەرایی کۆڵۆنیالیزم بووە بەرپرسی یەکەمی مەعاریف لە عێراق، وەك کاکەسور ٢٠٠٣ لە لاپەڕە ٥٧ی دکتۆراکەی دەنووسێت:"



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوە کوردی

کابتن فارل لە قۆناغی سەرەتایی زمانی ئینگلیزی و خەتی ئینگلیزی لە پەروەردەی عێراق سەپاند بۆ ئەوەی ئاسەوارەکانی عوسمانی بسڕێتەوە."

کردنەوەی تیاترۆخانە وەك کەلتوورێکی ئینگلیزی بەشێك بوو لە هەوڵی کۆلۆنیالیزم، مەزهەر ١٩٨٣، ل٢٥ لەم بارەیەوە دەنووسێت: " ئینگلیزەکان لە شارەکانی کوردستاندا ئاشکرا ڕێگەیان دا بە زۆر کەس نەك هەر تەنها مەی، بەڵکو تەنانەت بەنگیش بفرۆشن، شاری واش هەبوو نەك تەنیا تیاترۆ یان تیا دانا، بەڵکو کارخانەشیان تێدا کردەوە." هەریەك لە خواجە لە (چیم دی) و حیلمی لە (یاداشت) باس لە کردنەوەی تیاترۆخانە لە سلێمانی دەکەن." ئەم دیاردە نامۆیە بە کۆمەڵگای کوردی کاریگەری هەتا لە کۆمەڵگای موحافیزکاریش کردبوو، مائی ١٩٦٠، ل١٨٤-٥ دەنووسێت: هەر خودی هاتنی ئینگلیزەکان کاری کردۆتە سەر ڕەوشتی بەشێك لە بادینیەکان."

## کاکەسور ٢٠٠٣، ل٥٩-٦٠ دەنووسێت:"

جگە لە پۆلە یەکەمینەکان لە پۆلی پێنجەم و شەشەم هەفتەی نۆ کاتژمێر زمانی ئینگلیزی خوێندراوە کە ئەو مادانەی لە خۆگرتبوو گفتوگۆ، خوێندنەوە، خەت، ڕێزمان، وەرگێڕان لە کاتی نەبوونی مامۆستا هەندێ بەرپرسی گەورەی ئینگلیز لە سلێمانی لەوانە کاپتن هۆلت دەرسی ئینگلیزی بە پۆلی دواین ئەوتەوە."**

کۆلۆنیالیزم بۆ کوردی باشوور دەرفەتێك بوو دەربارەی ناسنامە و قەوارەی نەتەوەیی یەك ڕا بووایە، بەڵام ئەفسووس ئەوها نەبوو،

کورد لەو قۆناغدا هەروەك قۆناغی میرنشینەکوردیەکان دەژیا زمانی کوردی لای ئەو زمانی میرنشین بوو، نەك نەتەوە بۆیە دەبینی لەو چەند قوتابخانە سەرەتاییەی لە ١٩١٩ لە سەرانسەری باشووری کوردستان هەبوو هەر یەکەی بە دایەلێکتێکی ناوچەکە بوو، بۆ نموونە لە گۆگجەلی قوتابخانە بە دایەلێکتی شەبەك بوو، لە هەولێر بە سۆرانی، لە دهۆك بە بادینی هەروەها لە سلێمانیش بە سلێمانیی بوو (مەزهەر ١٩٨٣، ل٢٧، بۆتانی ٢٠٠٢، ل٣٦، عەبدولقادر ٢٠١٢، ل٩٢)

ئەگەرچی ئیدارەی ئینگلیز تا رادەیەك یارمەتی بە کوردی کردنی هەندێ لە پرۆگەگرامەکان لە لایەنی زمانەوە داوە، بەڵام بە هیچ شێوەیەك هەوڵی بە کوردیکردنی ئەم پرۆگرامانەی لە ڕووی فیکری و ناوەڕۆکەوە نەداوە. کۆلۆنیال لە پاڵ هەر وەزیرێکی عێراقی موستەشارێکی بەریتانی دادەنا وەك مستەر نورتون، مستەر لیونێل سمیث لە پاش ئەوان کاپتن فارل. ئینگلیز وەك کۆلۆنیالێك ڕەفتاری دەکرد، بۆیە لە ڕووی پەروەردەیش لەگەڵ کورد دۆست نەبوو (کاکەسور ٢٠٠٣، ل٥٩) بەهۆی نەبوونی ئامادەیی لە کوردستان



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لە ئەو شاندە زانستیەی ساڵی ١٩٢٢ ناردرا بۆ هەندەران یەك قوتابی لە كوردستان تێدا نەبوو (بۆتانی، ل٣٦).

## كۆلۆنیالیزم و پەروەردە:

شێوازی سەپاندنی زمان و كەلتوور لە پەروەردە یەكێك لە ئەدگارەكانی كۆلۆنیالیزم ـە. بێشكچی ١٩٩٧، ل٣٥ و ڕۆڤار، ژمارە ١٦، ل٩ قسە لە سەر ئەوە دەكەن كە ناوەندی پەروەردە ناوەندێكە بۆ گواستنەوەی زمان و كەلتوور بەتایبەتی لە وڵاتی فرەنەتەوە، بۆ نموونە شێوازی براون لە پەروەردە ئاوا لە سەپاندنی زمان و كەلتووری داگیركاری لە پەروەردە بەرجەستە دەكات:

.:" میتۆدی براونی كە لە هەموو قوتابخانە سەرەتاییەكانی ئینگلتەرەدا وەكو پایەی سەرەكی فێركردنی نەتەوایەتی و دیموكراسی سیاسی پیادە دەكرێت" من ئینگلیزم ،ئینگلیزێتی لە سەرەوەی هەموو شتێكەیەوە،لە سەر و گیان و ماڵ و كارمەوەی دادەنێم،كەرامەتی ئینگلیز لە مێشكدا بە زیندوویی ڕادەگرم ،لە پێناوی پاراستن و بەرزبوونەوەیدا هەردەم ئامادەی مردنم ،من ئینگلیز نەبم هیچ نیم."، بێشكچی لە لاپەڕە ٣٤ ی چاپی كوردی كتێبی تێزی مێژوویی تورك و دۆزی كورد ، دەنووسێت میتۆدی براونی لە لایەن ئیمپریالیست و كۆلۆنیالیست بەریتانیاوە ، لە وڵاتانی كۆلۆنیدا كاری پێكراوە.هەتا هەبونی پێناسەی نەتەویی ئەو گەلانەی پێ لەناو بەرن و بیانكەنە بەریتانی."

هەرچەندە بۆتانی ٢٠٠٢، ل٥ ئاخاوتنێكی عبدالمحسن سعدون دەگوازێتەوە بەوەی: كورد ڕەگەزێكی مەزنن لە عێراق، ئەگەر مافیان پێنەدەین، لێنەگەڕێین بە زمانی خۆیان بخوێنن، ئەوا ئاكام باش نابێ، هیوادارم ئەم مافەیان پێبدرێ." بێگومان ئینگلیز و دەسەڵاتی عەرەبی لە عێراق دەیانویست یەكپارچەیی عێراق مسۆگەر بكەن هەروەها زمانی كوردیش هەر لە قۆناغی بنەڕەتی بهێڵنەوە، نەك وەك توركیای نوێ زمانی كوردی هەر نەهێڵن لە پەروەردە و كۆمەڵگا.

كەواتە یەكێك لە چاكەكانی كۆلۆنیالیزم ئەوە بوو زمانی كوردی بووە پەروەردە چۆن هەر ئەو زمانەی كردە زمانی میدیا، ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی و پێشكەوتن دیارترین نموونەن.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

## وەرگرتن یا سەپاندن وشە لە زمانی ئینگلیزی؟

پرۆسەی وەرگرتنی وشە لە زمانێکی تر  هەر تەنیا بەرهەمی کۆلۆنیالیزم نییە، پێشتریش لە نێو زمانەکاندا هەبووە، بۆ نموونە ڕیچارد و سشمید ٢٠١٠، ل٦٠لە پێناسەی وەرگرتندا دەنووسن: "

' It is a word or phrase which has been taken from one language and used inanother language. For example, English has taken *coup d'état* (the sudden seizure of government power) from French, *al fresco* (in the open air) from Italian and *moccasin* (a type of shoe) from an American Indian language'

وەرگرتن بریتییە لە وەرگرتنی وشەیەك یا گرێیەك لە زمانێکی تر و بەکارهێنانی لە زمانی خۆت، بۆ نموونە ئینگلیز وشەی کودەتای لە فەرەنسی و ئەلفرێسکۆ " هەوای دەرەوە \کراوە لە ئیتالی و مۆکاسین " جۆرە پێڵاوێکە " زمانی هیندی ئەمریکی " وەرگرتووە." خودی پرۆسەکە، وشە وەرگرتن، لە بنەڕەتدا پرۆسەیەکی کۆلۆنیالی نییە. مێیەر ٢٠٠٩، ل١٨٠ باوەڕی وایە کە پرۆسەکە هاریکاری دەبێت لە وشەڕۆنانی زمانی وەرگر، وەك دەنووسێت: "

borrowing commenced from past and it's the process of ' word formation ' shows that many English words have latin , Greek , French , German ….origin as He ( ibid ) says that '**Borrowing** is a process by which a language receives a word directly from another language, usually as a result of contact with the languages.

وەرگرتن هەر لە ڕابردوو لە نێوان زمانەکاندا هەبووە هەروەها جۆرێکە لە وشەڕۆنان، زۆر وشەی ئینگلیزی بنەچەی فەرەنسی، ئیتالی، گریکی، ئەلمانیان هەیە، ئەو وشە وەرگرتنە لە ڕێگای پەیوەندی زمانەکان بە یەکەوە دروست دەبێت." وێڕای ئەمەش، ڕاتفۆرد ٢٠٠٩، ٢٢٤-٥ لەو بڕوایە دایە وەرگرتن زمان دەوڵەمەند دەکات

borrowing does not only  mean receiving lexemes from another language but it also includes the way of enriching target language

وەرگرتن هەر مانای وەرگرتنی وشە نابەخشێت، بەڵکو دەوڵەمەندکردنی زمانی ئامانجیش دەگرێتەوە." بۆ سەلماندنی ڕایەکەشی چەندەها نموونە دەهێنێتەوە، کە بوونەتە ئینگلیزی کەچی لە زمانی تر وەرگیراون.

هەر ڕاتفۆرد لە ل٦٠ هۆکاری وەرگرتن لە چەند خاڵێك کورت دەکاتەوە:

- پێویستی زمان، زمانی کەلتوور دەوڵەمەند، زمانی خاوەن تەکنەلۆژی، زمانی ئیمپراتۆری و خاوەن کارگێڕی..."



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

جگە لەو هۆکارانە، هۆکاری وەرگرتنی دینی نوێ، کۆلۆنیالیزم، پەروەردە هۆکاری کاریگەرن بۆ سەپاندنی وشەی نوێ. یۆل ٢٠٠٦ باوەڕی وایە زۆربەی ئەو وشانەی مۆرکێکی کریسچیانیان لە ئینگلیزی هەیە، وەك

Bishop, clergyman, church, priest, judge ….

هەموو لە بنەڕەتدا لاتینین، مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ مەسیحیبوونی ئەنگلۆ-ساکسۆنیەکان."

سەجادی ١٩٧٤، باجەلان ٢٠١٠ لەو باوەڕەدان کە ئیسلام چەندەها وشەی وەك حەج، میرات، کابە \ کەعبە، ڕۆژوو، ئیمان، سەرفیترە، قەزا و قەدەر...هتد بۆ زمانی کوردی زیاد کردووە. هەروەها کۆلۆنیالیزم و پەروەردە دوو ناوەندی ناچاری بوونە لە وەرگرتنی وشەی ئینگلیزی، بۆ نموونە

کۆلۆنیالیزم، مۆدرینیزم، پۆست، پۆستە، ئۆتۆنۆمی، ڕیفراندۆم، میدیا، فۆڕم، کاپیتالیزم هەروەها زۆربەی –ئیزمەکانی تر وەك سۆشیالیزم، مارکسیزم، دادایزم، پرۆژە، سیڤیل، قۆنترات، سانسۆر، ئەستێرە \ ستێر ...هتد

لە ڕوانگەی زمان نیە بەدەر بی لە وەرگرتن هەروەها ڕاتفۆرد ٢٠٠٩، ٢٢٤-٥ واتەنی " وەرگرتن زمان دەوڵەمەند دەکات" ئاماژە بە فەرهەنگێکی کوردی –ئینگلیزی دوو نوسەری ناو کۆلۆنیالیزم دەکەین، ئەویش تۆفیق وەهبی و ئەدمۆنزن. تۆفیق وەهبی ئینگلیزان و ڕێزماننووس لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم وەزیری مەعاریف ( پەروەردە ) بووە، ئەدمۆنزیش جگە لەوەی خاوەنی کتێبی کورد، عەرەب، تورك ـە لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم سەرپەرشتی کەرکوك و سلێمانی بووە. بە جوتە فەرهەنگێکی کوردی –ئینگلیزیان لە ١٩٦٦ بڵاوکردۆتەوە ئاماژەیان بە سێ جۆری وشەی ئینگلیزی بە کوردیکراو ( کوردی ناوەند، زیاتر سلێمانی) کردووە: بەشی یەکەم. ئەو وشانەی تەواو لە ئینگلیزی وەرگیراون، گۆڕانکاریەکی دەنگیی و مۆرفۆلۆژیان بۆ کراوە، ئەوانە زۆربەن.

دووەم. ئەو وشانەی لە ڕووی ئیتیمۆلۆژی یا کەلتووریی ئینگلیزین

سێیەم. لە نێو کورددا نین، چونکە بەرهەمی تەکنەلۆژیان.

بەشی یەکەم. ئەو وشانەی تەواو لە ئینگلیزی وەرگیراون، گۆڕانکاریەکی دەنگیی و مۆرفۆلۆژیان بۆ کراوە، ئەوانە زۆربەن.

زۆربەی ئەو جۆرە وشانە ئەمڕۆ بوونەتە موڵکی زمانی کوردی لە فەرهەنگی کوردی– کوردی بەکاردەهێنرێن. ئەو وشانە ل١٠ هەتا ل١٦٧ی فەرهەنگەکەی وەهبی و ئیدمۆنزیان گرتۆتەوە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

bad , p.10: بەد Bed
bomb ; bombaran: bombardment , p.19:بۆمبا Bomba
canvas , p.21: کانفاس Canfas
cheque , p.26: چەك Chek
cement , p.29:چیمەنتۆ Chimento
Chinko: p.29
dominoes , p.41: دۆمینە Domine
antique , p.45: ئەنتیکە Entike
star , p.46: ئەستێرە Estere
philosophy , p.48: فەلسەفە Felsefe
france , p.48: فەرەنگ Fereng
physics , p.50: فیزیا Fizya
galosh , p.51: گالۆش Galosh
gas , p.58: گاز Ghaz
: spinach , p.69ئیسپیناخ Ispenax
kettle, p. 77: کتلی Kitli
congress , p.78: کۆنگرە Kongre
elastic , p.82: لاستیك Lastik
list , p.86: لیستە Liste
march ,p.88: مارت Mart
mask , p.88: ماسکە Maske
May , p89 : مایس Mayis
: magnetism , p.92میگناتیز Miqnatis
microbe , p.93: میکرۆب Mikrob
Paket: packet , p. 102
bus , p.102: پاس Pas
puncture , p.104:پەنچەر Pencher
plan , p.111: پیلان Pilan
post , postechi: postman ...p.112: پۆستە Poste
carbine ,p. 114: قەرەبینە Qerebine
cloth store , p.115: قەستۆر Qestore
soap , p.124: صابون Sabun
samovar , p. 126: سەماوەر Semawer
telephone , p. 143 : تەلەفۆن Telefon
trachoma , p. 144 : تەراخوما Teraxome
: revolver , p. 153وەروەر Werwer
Christian , p.158:کریستیان Xiristian
zigzag , p. 167: زیکزاك Zikzak

دووەم. ئەو وشانەی لە رووی ئیتیمۆلۆژی یا کەلتووریی ئینگلیزین ئەو وشانە وەك ئەوانەی پێشوو نیین بە واتای لە جیاتی دۆزینەوەی هاوکوف لە دەنگ و شێوە، تەرجومەکراون، لەوانە

gospel , p.69 , istikan : ئینجیل : quinine , p.52 ; incilگەنەگەنە Genegene
ئیستیکان iqlim ; tea glass , p.69 : ئیقلیمlawante ; clime , region , p.69 : لاوانتە:
nuwel ;lavender –water , p.82 نوێل: pandan ;winch , p.101 پاندان ;fountain-pen , p.102:
pantol پانتۆل:papor ; European –style trousers پاپۆر:shepqe ; steam –ship , p. 102
شەپقە:teplek ;European hat , p. 136 تەپلەك:tirumpa ; ash tray , p.144 ترومپا: pump , p. 148

مائی ١٩٦٠ و مەزهەر ١٩٨٣ باسی وشەی تیاترۆ –ثیتەر لە سەردەمی کۆلۆنیالیزم بە تایبەتی مێجەر سۆن دەکەن، کە لە سلێمانی وهەولێر و دهۆك شەڕ و خراپەی ئاکاریی لە کۆمەڵگای کوردی لێکەوتەوە.

سێیەم. لە نێو کورددا نین، چونکە بەرهەمی تەکنەلۆژیان.

کورد لە بواری تەکنەلۆژی زۆر هەژارە، چونکە وڵاتێکی پیشەسازیی نییە، بۆیە ناوی وشەی ئینگلیزیەکانی ئەم بوارەی وەك خۆی وەرگرتووە:

تانك , Tank – لۆری , lorry – هێلکۆپتەر helicopter

## ئەنجام:

لەم توێژینەوەیەدا چەند ئەنجامێك بە دەست گەیشتوون، وەك

١. ناونیشانی توێژینەوەکە پێشنیازی ئەوە دەکات، کە خودی کۆلۆنیالیزم بۆ کوردی باشوور، تەواو نێگەتیف نەبووە، چونکەهەر چ نەبێ بۆ یەکەم جار ڕۆژنامەیەکی کوردی لە سەر خاکی خۆی دەرچووە هەروەها زمانی کوردی (کوردی ناوەند) بۆتە زمانی میدیا هەروەها زمانی پەروەردە.

٢. کە کۆلۆنیالیزم هەبوو، دیکۆلۆنیالیزمیش (هەڵوەشاندنەوەی دامودەزگای کۆلۆنیالیزم) دەبێ، بێشکچی ڕاست دەکات، کە کورد باجی ئەوە دەدات کۆلۆنۆلی نەبووە.

٣. کۆلۆنیالیزم زۆربەی پیتە کوردیەکانی گواستەوە ناو ڕۆژنامەی کوردی باشوور.

٤. زمانی کوردی لە ڕووی لێکسیۆنەوە زۆر سودی لە کۆلۆنیالیزم بینیوە بەوەی چەندان وشەی ئینگلیزی کورداندووە یا شێوەی گواستونەتەوە و بوونەتە موڵکی کوردی هەتا ئەمرۆش هەر بەکاردێن.

٥. ئەو وشە نوێیانەی ناو کۆلۆنیالیزم لە زۆربەی فەرهەنگی کوردی هەن.


Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

## پەراوێز:

(١) هەندێ ژێدەر جەخت لە سەر ئەوە دەکەن، کە دەوڵەتی کۆمۆنیستی ناوی لە داگیرکردنی ئەوروپی نا " کۆلۆنیالیزم "، بەڵام کە تەواو لە دنیای داخراوی کۆمۆنیزم ورد دەبیەوە خودی( دەوڵەتی کۆمۆنیستی )یش به پەنهانی خەریکی جۆرێك لە کۆلۆنیالیزم بووە، کۆلۆنیالیزمی ئایدیۆلۆژی لە نێو کۆمارەکانی شورەوی : بڕوانە وتاری Mesfin Gedlu: Colonialism and Communism
لە بارەی پەیوەندی کۆلۆنیالیزم و کۆمۆنیزم

× گەردی ١٩٨٧، ل٣٠ بە پێچەوانەی خواجە و مەزهەرە وە بەبێ هەبوونی هیچ بەڵگەیەك دەنووسێت: کە سۆن بوو بە حاکمی سیاسی سلێمانی یەکسەر کوردی کرد بە زمانی خوێندن و نووسین و زمانی ڕەسمی نێوان دەزگاکانی دەوڵەت... کتێبی ئەلفبای کوردی چاپکرد و بە سەر قوتابخانەکاندا بەشیەوە، مامۆستاکانی هان دا بە کوردی دەرز بڵێنەوە." ئەو قسانە نە هیچ کتێبێك بە دۆکیومێنت پشتڕاسی دەکاتەوە نە قسەکەی خواجە و حیلمی و مەزهەر هەروەها سۆن لە ١٩٢٣ مرد!

×× موحەمەد ئەمین زەکی لە نامیلکەی دوو تەقەڵای بێ سود لە ١٩٣٥ زۆر ڕەخنە لە دەسەڵاتی شاهانەی عێراق سەبارەت بە زمانی کوردی دەگرێت

## سەرچاوەکان:

### أ. به کوردی


- ئیدمۆنز، سیسیل ٢٠٠٤ کورد، تورك، عەرەب، و.گەوهەری. هەولێر: ئاراس.
- بەکر، سەلام ناوخۆش ٢٠١٨ کاریگەری قورئان لە سەر زمان و ئەدەبی کلاسیکی کوردی. هەولێر: لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی تەفسیر.
- بێشکچی، ئیسماعیل ٢٠٠٢ کوردستان کۆلۆنییەکی نێودەوڵەتی، و. حەمە ڕەشید. سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی سەردەم.
- بوتانی، عبدالفتاح ٢٠٠١ مدرسة ١١ اذار کوردیة فی مینة الموصل. اربیل.
- تالەبانی، جەلال ٢٠١١ کوردستان و بزوتنەوەی نەتەوەیی کورد، و.ح_ا. سلێمانی: کتێبخانەی جەمالی عەلی باپیر.
- سەعید، ئیدوارد ٢٠١٨ ڕۆژهەڵاتناسی، و.موحسین ئەحمەد. لە بڵاوکراوەکانی ماڵی وەفایی.
- خواجە، ئەحمەد ١٩٦٨ چیم دی، بەرگی یەکەم. بەغدا: شەفیق.




Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- حیلمی، ناهیده ٢٠٠٥ بەسەرهاتی ڕەفیق حیلمی. سلێمانی: لە بڵاوکراوەکانی حکومەتی هەرێم.
- لومبا، ئانیا ٢٠١٨ کۆلۆنیالیزم و پۆست کۆلۆنیالیزم، و.عومەر عەلی. تاران: چاپخانەی تاران.
- مارف، ئەورەحمان ١٩٨٦ نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی. بەغدا: چاپخانەی علاء.
- مائی، انور ١٩٦٠ الاکراد فی بهدینان. الموصل.
- مەزهەر، کەمال ١٩٨٣ شۆڕشی بیست، گۆڤاری کاروان، ژمارە ١٠، ل٢١-٣١
- عبدولعەزیز، عومەر ٢٠١٨ سەربوردێکی ئەلفبێ و ڕێنووسی کوردیی. سلێمانی: ناوەندی سارا.
- عەبدولقادر، نەهرۆ موحەمەد ٢٠١٢ هەولێر لە نێوان ساڵانی ١٩١٨- ١٩٢٦. هەولێر: چاپخانەی موکریانی.
- کاکەسور، موحەمەد ٢٠٠٣ گەشەکردنی خوێندنی فەرمی لە لیواکانی کوردستانی عێراق دا، دکتۆرانامەی چاپنەکراو، ئاداب \ سەلاحەدین.
- هاوار، م.١٩٩٠ شێخ مەحمودی قارەمان، بەرگی یەکەم. لەندەن.
- گۆڤاری کاروان، ژ.١٠، ١٩٨٣.
- گۆڤاری توێژەر، ژ.٢، ٢٠١٨گۆڤاری ڕامان، ژ.٢٦٠، ٢٠١٩.

### أ. ئینگلیزی

- Chomsky , N 1993 501 Years The Conquest continues. Amazon books
- Meyer, CH.F. 2009 Introducing English Linguistics, New York:Cambridge university press.
- Radford et al 2009 . Linguistics: An introduction, Second Edition. New York: Cambridge University Press.
- Richards, C. and Schmidt, R., **2002***Longman Dictionary of Language Teaching and Applied Linguistics*. 4th Ed. Harlow: Pearson Education Limited.
- Stageberg , N.C.1981 An Introductory English Grammar , New York:Holt Inc.
- Wahby , T and Edmnds , C. J. 1966 A Kurdish –English Dictionary. Oxford: The Clarendon press.
- White, Nicholas 2014 *Decolonisation: the British experience since 1945* , 2nd ed. London: Routledge.
- Yule, G. (2006). The Study of Language. 3rd ed. Cambridge: Cambridge University
- Press.

# الاستعمار واللغة


**الملخص:**

كانت نهاية الحرب العالمية الاولى ١٩١٤-١٩١٨ بين قوات الحلفاء والعثمانيين، ادت الى ظهور الكرد في الاعلام و التربية. علاوة على ذلك، قام رائد سون بنقل حروف كردية في بلاد فارس واستخدمها في جريدته. لذلك ظهرت الاحرف الكردية (p، v، zh) لاول مرة في صحيفتين استعماريتين باللغة الكردية (tegeishtni rasti) و (peshkewtin) وباستخدام الفونيمات بدلا من الفتحة، الضمة، الكثرة. بالاضافة إلى ذلك، من خلال الاستعمار جاءت العديد من الكلمات الانجليزية إلى معاجم كردية مثل الاستعمار، والمستعمرة، والولاية، والاستقلال الذاتي، والاستفتاء، والاعلام، والبريد، والقذف، والقصف،... إلخ، وأصبحت هذه كلمات كردية. في الماضي تلك الكلمات غريبة لدى النخب الكردية.

من الناحية المنهجية يتم استخدام الطريقة النوعية. الخطوط العريضة للبحث هي التحقيق في صحيفتين لاكتشاف الاحرف الكردية غير الموجودة في الابجدية العربية.

يتوقع القارئ أو الناقد لهذه البحث بعض الاستنتاجات بما في ذلك الكلمات الكردية الجديدة.



***الكلمات الدالة:*** *الاستعمار، الانكليز، كردستان، فهم الحقيقة، سون.*


# Colonialism and Language


## Abstract:

The ending of the First World War 1914-1918 between Allied Forces and the Ottomans led to the appearance of the kurds in Kurdish media and education. Furthermore, major Soane had transmitted Kurdish letters in Persia and used in his newspaper. Therefore Kurdish letters ( p, v, zh ) for the first appeared in two colonialist newspapers in Kurdish ( tegeishtni rasti ) and ( peshkewtin) and using phonemes in stead of clitics ( theme, fethe, kesre). Additionally, through colonialism many English words came into Kurdish lexicons such as colonialism, colony, mandate, autonomy, referendum, media, post, post, bomb, bombardment …etc and they become Kurdish ones. In the past Kurdish elites were alienated to such words.

Methodologically the Qualitative method is used. The outline of the paper is to investigate the two newspapers find out the Kurdish letters which are not available in Arabic alphabet.

The reader or critic of this paper expect some conclusions including the Kurdish new words.



***Keywords:*** *colonialism, English, Kurdistan, understanding the truth, Soone*